# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەوڵەت و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.!!!

**ئارام_بانەیی**

لەم ماوەیەی دوایدا گوێ بیستی زۆر ڕوودا و دەبین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر ڕووداوی دڵتەزێن بە دەستی دارودەستە دڕندەکانی ویلایەتی فەقێی ئێران، دەستی کردووە بە کوشتن و چاوترساندنی گەل و، لە ژێرناوی جیاوازدا و، لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە شێوازێکی پیلانکرا و چڕوپڕ، دەستی لە بڵاوکردنەوەی، مادەی موخەدیرەکاندا هەیە بە دەستی باندەکانی دەوڵەت کە خۆیان پشگیریان دەکەن و هاریکاریان دەکەن لە لایەن دامودەزگای ئیتلاعەتی، تا گەنجانی کورد، لە هۆش و ڕامان ئیفلیج بکات، وەك جەستەیەکی مردووی بێ هزرو ڕامان، تا کۆتایی ژیانیان، سزابدات و، لە کوچە و کۆڵانەکان پەرە بە ژیانی کولەمەرگی بدەن، زۆر پرۆژە و بیرۆکەی سیاسی وەك ستراتیجیەتی دەوڵەت؛ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گشت بوارەکان، خراوەتە بواری پراتیکی، تا گەلەکەمان بە ڕێگەی کوشتنی مێشك و فەسادیەتی کۆمەڵگا، بگەنە سەرکووت کردنی تەواوی کۆمەڵگای کوردی و، تەنها میلەتێکی بێ ڕۆح و بێ مێشك و هزر، بهێڵنەوە؛ کوشتنی کۆمەڵگای کوردی وەك نەتەوە لە بواری کۆمەڵ کوژی و سێدارە و زیندانی کرد، هیچ ئەنجامێکی بە دەست نەهێنا، لە هەرچوارپارچەی کوردستان، بەڵکو زیاتر گڕ و تینی ئازادی، کڵپەی سەند و هێزی سەرهەڵدان و شۆڕشی بە هێزکرد، بەڵام سیاسەتی لۆکەیی مەلاکانی وەستایی ئایەتی شەیتانی، زۆر بە زانایانە سیاسەتی کوشتنی کوردی لەم پارچەیە کردە هەدەف، ئەویش بە ڕێگای مادە سڕکەرەکان، کە کۆمەڵگای کوردی هەراسان کردووە، لە هەمان کاتیش بە شێوازێکی سیاسی، زەمینەی بۆ ئامادە کردووە، کە گەنجان کە ڕۆڵی پێشەنگ کۆمەڵگان بکوژێت یان بێکاریگەریان بکات، لە کاتێك بێکاری و هەژاری و بێچارەسەری و کوشتنی هەست و حەزەکانی گەنجان بە شێوەیەکی سیستەماتیك و بەرنەماکراو، هەنگاوی بۆ نرا بێت و، لە ناو گەنجان قەیرانەکانی ژیان و بێچارەی خۆی داسەپاندبێت، بە سەر هەست و حەزەکانی، ناچاری بیرکردنەوەیەکی دەروونی دەکات و لە ناو هەناوی خۆی و وە ڕێگەش بەوە نادات کە بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی ئازاد دەربڕێت؛ نەك وەك پرۆژەیەکی نوێ پێشکەشی بە کۆمەڵگا؛ بکات ئەمانە هەمووی لە ژێر سنوورەکانی بیرکردنەوەی قەدەغەکرا و حەرام وابەستە کراوە، ئەم شەڕەی ویلایەتی فەقێ، لە ڕێگەی شەڕێکی سیاسی و دەروونییەوە پەیڕە دەکرێت، کە بە ئاستەم جیلی گەنجان بتوانن خۆیانی لێدەرباز بکەن؛ ئەگەر پێکهاتەیەکی سیاسی و خۆجێی نەبێت کە خاوەن ئایدۆلۆژیاو پێکهاتەیەکی سیاسی و فەلسەفەی دیالەکتیك بێت کە هەموو کێشەکان بە پێی پێوانەکانی خۆجێی بەرەو تۆلەڕانسێك بەرێت، ئەمەش تەنها بە ڕێبازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی بەرئەنجام دەبێت، کە سەرچاوەیەکی خۆجێی هەبێت وا بەستە بێت بە گروتینی هێزی جوانان کە

بتوانن له ناوخۆ پەرە بە شۆڕشێکی هزری و ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری بدەن؛ لە کاتێك ئایدۆلۆژیا ئاینی و مەزهەبیەکان و عەقڵیەتی تەسکی عەشیری و ئایدۆلۆژیەکانی کە تا ئێستا یۆتۆپیا کراو بوون لە لایەن هێزەکانی دەرەوەی ناوچەکە؛ لە بەرژەوەندی خۆیان بە شێوازێکی کلاسیك و ئیفلیج هێنایانە ناوچەکە، لە قوڵ بوونەوە و بێباوەڕی هیچ دەرئەنجامێکی لێنەکەوتەوە، لە کاتێك ئایدۆلۆژیا دۆگماکان ڕێگەی لە بەردەم هێڵ و خەتی چارەسەر گرتووە، ناتوانێت هیچ ڕۆڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێگێڕێت و لە هەمان کاتیش وابەستەیە بۆ ڕێگرتن، لە سەر چارەسەری کێشەکان، هەمان کاتیش بیرۆکەی پارتەکان کە تا ئێستا نەیتوانیووە لە شێوازێکی بنەماڵەو چینێك دەرباز بکات و ببێتە ماڵی گەل زۆر دەرئەنجامی خراپی لێکەوتۆتەوە، چونکە بیرۆکە و ئایدیایی، بنەماڵە و ناوچەیی، ناتوانێت خۆی لە فکری ناوچەی ڕزگار بکات، هەرچەندە بیرۆکەکانی لە ژێر ناوی شۆڕشی نەتەوایەتیش وابەستەیە؛ بەڵام هێڵی ناوچەی و بنەماڵەی و عەشیری، تێپەڕ نەکردووە، نەشیان توانیووە ئاستی چارەسەری بۆ کێشەکان پێش بخات هەرچەندە لە سەر ئەساسی سەرهەڵدانەکان، مانەوەی میلەتێك و تەسلیم نەبوونی بە هێزی داگیرکەر و هەموو کاتیش لە سەنگەری ئازادی دانەبڕوا، بەڵام ناکۆکیەکانی ناو سەرهەڵدان و شۆڕشی کوردی لە ئاستی بێچارەسەری دووبارە بوونەی مێژوو هەڵدێرانی شۆڕش بووە، ئەمەندەی تریش گەل بێباوەڕ بووە، لە کاتێش هەر شۆشگێڕێك وەك تاك یان حەرەکەتێك؛ ئەگەر لە پێش هەرشتێك وابەستە بە هێزی جەماوەری خۆی نەبێت مومکین نییە بگاتە ئاستی سەرکەوتن، ئەگەر شۆڕشگێر وابەستە نەبێت بە هێڵی گۆڕانکاری کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکان ناتوانێت خۆی بگەینێتە ئاستی چارەسەریە گشتیەکان، زۆر کێشەی تریش هەن کە گەلاڵەیان بکەین کە چۆن لە بێباوەڕکردن و هیواکانی گەنجان تێکدەشکێنێت، هۆکارەکان زۆر، بەڵام من بۆ دەست نیشان کردنی ناکۆکی و هەڵەکانی کە لە کوردستان بە دەیان و سەدان جار دووبارە بوونەتەوە، بێنە پێش چاو ئەو کاتەش ئەتوانین لە ڕاستەکان بگەین و جارێکی تر نەگەڕینەوە بۆ هەڵە مێژوویەکان؛ لە گەڵ ئەمەش لایەنی سیاسی پارتەکانی ڕۆژهەڵات، زۆر بێکاریگەر و بێ بەرنامە بووە، کە ڕێگەیەکی گونجاو پێك بهێنێت بۆ ڕێگە گرتن و تێکشاند و ئاشکراکردنی، پرۆژەکانی دەوڵەتی شیعە مەزهەب؛ لە کاتێك دەوڵەت، بە شێوازێکی بێدەنگی دەستی لە کوشتنی گەنجان هەیە، بێگومان پارتیەکانی ئەم بەشەش زۆربێدەنگ بوون لە بواری چالاکیە سیاسی و کۆمەڵەیەتی و سەربازیەکا نیان، ئەم هۆکارەش بۆتە هۆی زیاتر تێکشانی ڕۆحی و دروست بوونی نەخۆشیەکانی دەروونی و سۆسۆلۆژی لە ناو کۆمەڵگا؛ ئەگەر گەنجێك لە ناو کۆمەڵگایەکی بێ هیوا و بندەست و هەژاری؛ بێبەش لە هەموو هیوایەکی گەنجێتی و لە بواری هزرو ئایدۆلۆژی و فەلسەفیەکان، بە شێوەیەکی گشتی دابڕو بێت و، هەست بە کەمووکورتیەکانی ژیانی بکات، چۆن دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات، ئەگەر ئیرادەیەکی ئازاد، بە بێدەنگی لە گۆشەکانی زیندانەکانی و ئەشکەنجەو سێدارە کۆتای بە ڕۆحی ببەخشێت و تروسکەکانی شۆڕش لە گزنگی چاوەکانی، دیار نەبێت، زۆر بە خامۆشی ماڵئاوای دەکات، ئەتوانم تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ چەندە کێشەی

کورد گۆڕانکاری مەزن و بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە؛ بەڵام لەم پارچەیە هێزی سیاسی پارتەکانی  کە تا ئێستا لە ژێر ناوی شۆڕشدا بانگەشە دەکەن لە گۆڕەپاندا؛ نەیاتوانیوە بە شێوەکی چالاك کاربکەن و فەتیس ماون لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و کلتووری فەرهەنگیدا و هەم لە ناوخۆشیاندا، لە کاتێك گەنجانی ئێمەش لە هیواکان بێبەش و، گۆشەگیرو زیندانین لە بەردەم سێدارەیەك، ڕەوەستاوەن، کە مێشکیان دەکاتە قوربانی جەستەی مردووی بێ فیکرو ڕامان، لە سەر دنیایەکی پڕ جوانی سروشتدا دەژیی، بەڵام لە هەموو خۆشی و هیواکان و بیرکردنەوە بێبەش کراون و کار بۆ بێبەش کردنیان زیاتر دەکرێت، ئەمە لە لایەن دەوڵات بەرنامە ڕێژکراوە، بەڵام پارتەکانی ئێمەش بێبەش نین لە هاریکاری کردنیان، بە زانا بوون بێت یان بە نەزانی کاتێك تۆ هەڵوێستی سیاسی و پرۆژەکانی دەناسیت، جێی گومانە کە تۆ کاری بۆ ناکەیت، پرۆژەیەك بۆ پاراستن ناکەیتە ئەمانجی خۆت، بێگومان من لاریم لە خەبات و ڕەنجی ئەوان نییە بەڵام پێوویستە بۆ ئەمەش هەندێك پرسیار لە خۆشمان بکەین کێین و چیمان کردووە، ئەگەر ئێمە ڕەخنە لە خۆمان نەکەین هەر هەمووی وابەستەی کۆماری ئیسلامی بکەین، باوەڕبکەم خۆمان لە گێلی دەدەین لە بەرامبەر بە ڕاستیەکان، بۆیە ئەوە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگایە کە خۆی لە بوارەکانی سیاسی کۆمەڵایەتی تۆکمە بکات و هەست بەو پرۆژە ترسناکانە بکات کە پەیرەو دەکرێت، ئەرکی گەنجانن بە هەردوو ڕەگەزە، کەسانی ڕۆشنبیرش کە زەمینەکانی بۆ ئەم کێشانە ئامادە دەکریت، ڕوون بکاتەوە کۆمەڵگا هۆشیاربکاتەوە لە بەرامبەریدا؛ ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە، تەنیا وابەستە بەم کێشانەی کە لە ناو گەنجان، بە شێوەیەکی سیستەماتیك پەیرەو دەکرێت، تەنیا دەتوانێت بە شێوەی قوڵبوونەوە هزر و فکریەکان گرێدراوە کە بتوانێت خۆی لێ بپارێزێت، بۆ ئەمەش سەنگەری لە بەرامبەر بگرێت، کاتێك هەست بە شێوازی لەت کردنی مێشکی گەنجان، بە ڕێگا جۆربەجۆرەکان دەدرێت، چ لە ڕووی دۆگماتیزی فکرە بۆگەن و کۆنەپەرستەکان، بێت یان لە ڕێگەی چاوەشەکاری بێباوەڕ کردن بێت، لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و لاواز کردنی هێزی گۆڕانکاری و شۆڕشگێری بێت، یان لە ڕێگای مادە سڕکەران و فەسادی کۆمەڵگا بێت، یان لە بواری ووشکردنی هزر بۆ مادە و بە مەتەریالی کردن مرۆڤەکان و کۆمەڵگا و بە لاوەنانی هەموو بەهایەکی ئەخلاقی بێت، ئەگەر پرۆژەیەکی سەرلەنوێ ئایدۆلۆژی و فەلسەفی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەیکی مۆدێرن و زانستی نەبێت؛ مومکین نیە دەرئەنجامی باش بە دەست بخەیت و بگەیتە چارەسەری؛ با زۆر هەوڵ و تیکۆشانیش بدرێت و ڕێگەکان تاقی بکەیتەوە بۆ سەرکەوتن، بەڵام کێشەکان زیاتر لە قووڵ بوونەوە و بێباوەڕی و دووبارە بوونەوە؛ تێپەڕ ناکات ئەگەر لە کاتێکیش هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام درا بێت، بەڵام ئەگەر تۆ سەرلەنوێ بە ڕەگ و ڕیشەی کێشەکان نەچیتە خواریێ نەخۆشیەکان باش دەست نیشان نەکەیت، تۆ ناتوانیت تیماری بکەیت، ئەگەر بە شێوەیەکی سۆزاکی و گشتی دەرمانی بۆ بنووسیت.

پێوویستە ئێمەی کورد، چاوەڕوانی هێزی دەرەکی نەبین، دەتوانین هاوبیربین و سیاسەتێکی هاوبەش لە گۆڕانکاریەکان پێکەوە پێش بخەین، گۆڕانکاری و کۆتایی بهێنین بە دەوڵەتی دەسپۆیزم و تۆتالیتاری، بەڵام ئەوەی وابەستەیە کە ئێمە چۆن بتوانین خۆمان لە گەڵ گۆڕانکاریەکان، پێشبخەین و بتوانین هەنگاو بۆ چارەسەری بنێیین؟ پێوویستە گەنجان و ژن کە ڕۆڵێکی بەرچاو لە گەشەکردن و بنیات نانی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگان وەك، دینامیکی شۆڕش، یان وەك کاکڵە و تۆی بەرهەمی ژیانی و گۆڕانکاریەکانن لە هەموو بوارەکان، پێوویستە لاوەکانمان؛ سەرەتا وا بەستە بە هێڵی شۆڕشگێری بنەماکانی کە پشت بە جەماوەر دەبەستێت و ستراتیجی خۆی بۆ سەرکەوتن، گەل بنەمایی هێزی مەعنەوی بێت، ئەگەر تۆ لە هەموو بوارەکان شۆڕش پشت بە گەل بەست و گەل لە ناو شۆڕشدا ڕۆڵی کارامەی خۆی بینی، زۆر سەرکەوتووانە ئەتوانی بە سەرکەوتن بگەیت، بەڵام پێوویستە بۆ ئەمەش هێڵی ئایدۆلۆژی و فەلسەفی کە پشت بە هێزی دیالەکتیك و زانست دەبەستێت لە بوارەکانی پێگەیاند، سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و هونەری ئابووری، هەموو بوارەکانی تر بە شێوەیەکی زانستی بەرنامە ڕێژبکەیت، کە هەر کۆمەڵ و چینێك بتوانێت نوێنەرایەتی خۆی لە ناو شۆڕش بکات، ئەگەر تۆ تەنها پشت بە چینێك بەستی، بێگومان ئەو شۆڕشە نابێتە شۆڕشی جەماوەر، سەرەتا پێوویستە ئێمە کێشەکانی کۆمەڵگا پێ بە پێ لە ناو شۆڕش کاری بۆ بکەیت و چارەسەری بکەیت، ئەگەر ئێمە پێمان وا بوو، سەرەتا چارەسەری کێشەی سیاسیمان بە دەست بخەین، ئەو کات پلە بە پلە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا دەکەین، بێگومان چارەسەری کێشەکان مومکین نییە،چونکە زۆر ئەزموون هەیە، ئەمرۆی باشووری کوردستان بە ڕوونی ئاشکرایە کە سیاسەت لە دەستی چین و بنەماڵە و چەند کەسێکدایە، کە بە دەستی خۆیان یاری پێدەکەن، قەیران و کێشە کۆمەڵایەتیەکان تا ئێستا چارەسەری بۆ نەکراوە، بنەماکانی پەروەردە چ لە خێزان و چ لە خوێندنگاکان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە، لە گەڵ سەردەمی پێشوو، بۆیە ئەگەر ئێمە سەرەتا وەك شۆڕشگێڕ و تاکی شۆڕشێگڕ، کە لە هەوڵوکۆش شداین بۆ ئازادی، پێم وایە سەرەتا پێوویستە ئازادی ڕەگەزی ببێتە بنەمای سەرەتای، کێشەی ڕەگەزی ژن، کلیلی چارەسەری کێشەکانە، لە کاتێك ئێمە وەك گەلێکی بندەست کۆیلە کراوین، لە ناو ئەمەش ڕەگەزی ژن، لە هەموو مافەکانی بێبەش کراوە و هزرو بۆچوونەکانی، پاوانخواز و تاپۆ کرا و، بێگومان ئەگەر ئێمە کۆتایی بە بندەست کردنی ئەندامانی خێزان و هاوڕەگەزی خۆمان نەهێنین و لە گەڵ خۆمان تێکلاو بە شۆڕش و تێکۆشانی ئازادی نەکەین چۆن دەتوانین بگەینە هێڵی ئازادی و، چۆن دەتوانین باس لە ئازادی میلەت بکەین، زۆر کەس پێیان وایە، کە ئازاد بوونی کورد، وەك میلەت لە پێش هەموویەوە، دێت و کە دەوڵەتێك بە ناوی کوردی دروست بکات، بەڵام ئەگەر تۆ کۆمەڵگا ئازاد نەکەیت و هەنگاو بە هەنگاو چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا نەکەیت، بێگومان ئاستی ئازادی زۆر دەگمەنە، بە تایبەت بۆ میلەتی ئێمە، کە بە تەواوی مێشکی لەت لەت کراوە، بۆیە ئەگەر جیلی گەنج نەتوانێت ئاستی هۆشیاری خۆی و کۆمەڵگا پێش بخات سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا لە گەڵ هەنگاوەکانی شۆڕش نەکات

بە یەك و لە ناو بازنەیەك تیۆریدا یەكان گیرنەبێت و لە بواری پراكتیكدا پراكتیزەی نەكات، ئەوە مێژوو دووبارە دەبێتەوە، پێوویستە بنەماكانی گەشەدان و پرۆژەكانیان لە بواری خوێندن و بیركردنەوە و هزرو ڕامان، بواری وەرزش و هونەرو چاند و كلتوور وەك بنەمایەكی سەر لە نوێ ئاواكردنەوە، پەرە پێبدەن، بۆ ئەمەش سەرماییەی گەورە هێزی مەعنەوی و پێهەلگرتنە لە پرۆژەكانیان بە شێوازێكی زانستی، تا بتوانن هەم لە ڕووی دەروونی و فیزك و هزری جۆش دانەمێنن، پێوویستە لە سەر هێز و لایەنی كوردیش هاوكاری و پاڵپشت بن، لە جێبەجێكردنی پرۆژەكانیان، هەركاتێك لاوان خۆیان لە بواری ئایدۆلۆژی و فكریدا پێگەیاند، دەتوانن ڕێگربن لە بەرامبەر بە سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران و داروودەستەكەیان، لە گەڵ ئەمەشدا دەتوانن بۆ ڕۆشنگەری و ڕێنسانسێك ببنە پێشەنگ لە ناو گەلانی ئێراندا و گەلانی ئێرانیش لە گەڵ خۆیان پەلكێشی ناو هێڵی چارەسەری ڕیفۆرم بكەن، پێكەوە ژیانی و ئازادی دیموكراتی بكەنە بنمایەی پێكەوە ژیان و هەمەڕەنگ كردنی ژیان و هەركەس و كۆمەڵێكیش بە ڕەنگ و هزر و ڕامانی خۆی لە پێكەوە ژیانێكی ئازادی و هاوبەشدا پەرە بە سەر لە نوێ شارستانی و برایەتی بدەن؛ بێگومان گەلی كورد لە هەرچوارپارچە بۆ دیموكراتیزەكردنی سیستەمی دەسەڵاتی ئێستا لە هەموو گەلانی تر ناوچەكە خاوەن دەرفەت و شەنسێكی مەزنە هەم لە بواری ئایدۆلۆژی و فەلسەفەیەكی شارستانیەت و پرۆسێسی دیموكراتی پێشەنگە و هیوادارم هەركەسیش بۆ دیموكراتی و ئازادی هەنگاو بنێت تا گەشتن بە ڕۆژی ئازاد و دیموكراتی..!!!!